ئارەزووی سێکسی لەفیقهی ئیسلامیدا

د. کامل النجار
و: نەوزاد ئەحمەد

بەر لەهاتنی ئیسلام، ژیانی خەڵکی دوورگەی عەرەبی بەجۆرێک بوو جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ژیانی میللەتانی تری ئەوکاتەدا نەبوو. ژن و پیاو لەئاهەنگ و بۆنە گشتییەکاندا تێکەڵی یەکتر دەبوون و ژن لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیی هەبوو، بۆ نمونە لەبازاڕی عوکازو لەکاتی حەجکردندا. عەرەبەکان لەوکاتەدا مەی و شەرابیان دەخواردەوە و لەئاهەنگەکاندا گوێیان لەگۆرانیی کەنیزەکەکان دەگرت، بەتایبەتی لەمەککەدا کەبازرگانەکان ژمارەیەکی زۆری کەنیزەکیان لەشام و حەبەشە و شوێنانی ترەوە دەهێنا.

لەکۆمەڵی عەرەبیشدا، وەک هەموو کۆمەڵەکانیتر، ژن و پیاو دەکەوتنە ناو داوی ئەوینی یەکترەوە و خۆشەویستی و سێکسیان دەکرد، ئەمە بوارێکی فراوانی بۆ ناپاکیی هاوسەری دروست کردبوو کە لەکۆمەڵی (یەسریب) دا باو بوو، بەتایبەتی ئەوکاتەی پێغەمبەر هاتە نێو شارەکەوە، ئیدی پیاوان دەستیان کرد بەگلەیی و نارەزایی دەربڕین شکاتکردن لەژنەکانیان و بەخیانەتی زەوجی تاوانباریان دەکردن، خودا ئایاتی مەلاعینەی بۆ دابەزاندن کە دەڵێ: (الذین یرمون ازواجهم ولم یکن لهم شهداء الا انفسهم).

لەو کۆمەڵەیاندا دیاردەی نێربازیش هەبوو، ئەم دیاردەیە لەدوای هاتنی ئیسلامیش بەدە ساڵ، هەر بەردەوام بوو، باشە لەنێو بارودۆخێکی لەو چەشنەدا چی رووی داو چ شتێک بووە مایەی گۆڕینی کۆمەڵە ئیسلامییەکان بەوشێوەیەی ئەمڕۆ هەن؟

ئیسلام لەکاتێکدا هات نەخوێندەواری سەرتاسەری کۆمەڵەکانی تەنیبوو، دواتر چینێک پەیدا بوون کەژمارەیان زۆر کەم بوو و پێیان دەوتن "چینی خوێنەران" یاخود (القراء). لەپاش مەرگی پێغەمبەر ئەو چینە بەزۆربەی ناوچەکاندا بڵاوبوونەوە تا خەڵکی فێری خوێندنەوەی قورئان و فیقهبکەن، هەریەکە لەمانە شێوازو قوتابخانەی تایبەتیی خۆی هەبوو کەچەندین کەس و لایەنگری لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە، ئەو قوتابیانەش دواتر بوون بەمامۆستاو چینی (القراء) نزیک بووەو هەروەها ئەهلی حەدیس (ئەوانەی فەرمودەکانی پێغەمبەریان لەبەر کردبوو) ی لەخۆی نزیک کردەوە تا هەیبەتی ئایینی و دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێت. بەمجۆرە چینی خوێنەران (واتە ئەوانەی ئایەتەکانی قورئانیان لەبەر بوو) و ئەهلی حەدیس بوون بەچینێکی تایبەتی و کاتی خۆیان بۆ فەرمودەکان و بۆ فەتواو شتی لەم بابەتە تەرخان کرد، لەشەڕەکاندا بەشداریان نەدەکردو هیچ کارێکیشیان نەدەکرد چونکە دەوڵەت ژیانی بۆ دابین کردبوون، ئیدی ئەمانە سەرقاڵی فەتواداان و کۆکردنەوەو دروستکردنی فەرمودەکان بوون و خەڵکییان فێری چۆنێتی خوێندنەوەی قورئان دەکرد.

لەگەڵ فراوانبوونی جوگرافیای ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و گەڕانەوەی سەربازەکان لەجەنگەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا، ئەو سەربازانە لەگەڵ خۆیاندا ژمارەیەکی زۆری کەنیزەکیان هێنا، بەمجۆرە ژمارەی ئەوکچو ژنانەی سەربازەکان دەیانهێنان، زیادی کردو هەر موسڵمانێک جگە لەژنەکەی خۆی چەندین کەنیزەک و سەبایای هەبوو، هەندێ لەئەسحابەکان هەریەکەیان زیاد لەدە کەنیزەکی هەبوو. دەڵێن یەکێک لەئەسحابەکان کەناوی (المغیرة بن شعبة) یە لەشەویکدا لەگەڵ نۆکەنیزەک لەکەنیزەکەکانی خۆیدا سێکسی کردووە. بەمجۆرە موسڵمانەکان بەزۆری خەریکی کاری سێکسی بوون، ئەم بارودۆخە هەڕەشەی لە خێزانی نێو دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد، ئەمە دەرفەتێکی والای بۆ چینی خوێنەران و ئەهلی حەدیس و فەتوا دەرەکان کردەوە تا کۆمەڵێ یاسا بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەربکەن.

جا لەبەرئەوەی ژیانی موسڵمانان لەوکاتەدا ژیانێکی سادە بوو، بەرۆژ تەنها خەریکی نوێژو بازرگانی بوون (چونکە عەرەب جگە لە بازرگانی، رقیان لەهەموو پیشەیەکی تر دەبووەوە)، بەشەویش هەر خەریکی کاری سێکسی بوون، چونکە ئیسلام مەی و گۆرانی و ئاهەنگەکانی لێ حەرام کردبوون، ئیدی هیچ شتێک نەبوو خۆیانی پێ خەریک بکەن لەبەرئەوە بەهێنە بەکەن. ئەو جۆرە ئافرەتە بکات یان ئافرەت حەزی لێبکات، دەڵێن ئەگەر مەیمون بەتەنها لەگەڵ ژنێکدا بێت یان ئەگەر ژنەکە بەنووستوویی ببینێت ئەوا سێکسی لەگەڵدا دەکات، دەشێت هەندێ ئافرەتی زۆر شەهوانیش مەیموونەکە بۆ لای خۆی بانگ بکات. (احکام النساء لابن اجلوزی، المکتبة العصریة، صیدا، بیروت، ص ١٢٧).

فەقیهەکان بەئەندازەیەکی زۆر لایەنگری پیاو بوون و ئاسانکارییان بۆ کردووە، دەڵێن پیاو بۆی هەیە لەشەوێکدا سێکس لەگەڵ هەموو ژنەکانیدا بکات و تەنها یەک جاریش خۆی بشوات. ابن تیمیە دەڵێ: "المعاصي التی لیس فیها حد مقدر ولا کفارة، کالذی یقبل الصبی والمرأة الاجنبیة، او یباشر بلا جماع" (السیاسة الشرعیة فی اصلاح الراعي والرعیة، ابن تیمیه، ص ٢٢).

هەروەها رێگەیان بەپیاو داوە بۆ ماوەی حەوت رۆژ لەگەڵ بوکدا بمێنێتەوە ئەگەر بووکەکە کچ بێت، بەڵام ئەگەر بوکەکە ژن بێت ئەوا دەبێ تەنها سێ رۆژ بەبێ جوتبوون لەگەڵیدا بێت، ئەگەرچی قورئانیش داوا دەکات لەگەڵ ژناندا دادپەوەر بن. وەک دەبینین ئارەزووی سێکسی وای لێکردوون بچنە ناو شتە زۆر تایبەتیەکانی نێوان ژن و مێردەوە.

ئەم ئارەزووە سێکسییە تەنانەت لەدوای مردنی ئافرەتیش، هەر قسەی لەبارەوە کراوە، دەڵێن دەبێ ژنێک ژنێکی مردوو بشوات، ناشبێت مێردی ژنێکی تەڵاقدراوی مردوو ژنەکەی بشوات چونکە نابێت لەدوای تەڵاقدانی، سەیری عەورەتی ژنەکە بکات، چونکە گوایە ئەو مێردەی پێشتر ئارەزووی لەژنەکە تەڵاقدراوەکە نەبووە. بەجەنازەیی ئارەزووی لێدەکات.

ئارەزووی سێکسی دەگاتە بەهەشتیش، فوقەهاکان زیادەڕۆییان لەوەسفکردنی کچە حۆرییەکان و ژمارەی ئەو کچە حۆرییانەدا کردوە کەدەبێتە مولکی پیاوی ئیماندار، ئەبوهورەیرە لەم مەسەلەیەدا زۆری پێوەناوە و وتویەتی: (قیل: یا رسول الله أنفضی الی نسائنا فی الجنة؟ فقال: ان الرجل لیصل فی الیوم الی مائة عذراء) واتە پیاو لەبەهەشتدا دەتوانێت لەرۆژێکدا لەگەڵ سەد کچە حۆریدا بێت. لەوانەش گرنگتر کچە حۆری سوڕی مانگانەی نییە، هەرچەندە مێردەکەی سێکسی لەگەڵدا بکات، کچێنیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. بۆیە ئیمانداران شایەتمان دەهێنن تا بچنە بەهەشت، تەنانەت ئەگەر ئەمە بگاتە ئەو ئاستەی کە ئیماندارێک لەنێو هاوولاتییە بێتاوانەکاندا خۆیشی بتەقێنێتەوە.

لێرەدا چەندین کتێبی تر هەن لەبارەی شکانی دەست نوێژ لەکاتی جوتبوون و هەروەها پێناسەی ئەندامی نێرینەو لەبارەی چ جۆرە دەستلێدانێک لەئافرەت دەبێتە هۆی شکانی دەست نوێژ، ئاخۆ لەسەر جلەوە دەست لەئەندامی نێرینە بدرێت دەست نوێژ دەشکێت یان نا، ژنێک لەسوڕی مانگانەی خۆیدا بێت چۆن دەزانێت کاتی سوڕەکە تەواو بووەو، زۆر بابەتی تریش..

ئاخۆ باشتر نەبوو ئەو فەقیهانە کاتی بەفیڕۆی خۆیان لەبابەتێکی سودبەخشدا سەرف بکردایەو ئیجتیهادیان لەمەسەلەیەکی تردا بکردایە بۆ نموونە بابەتی کشتوکاڵی؟

سەرچاوە: سایتی ئیلاف ٢٠٠٥/٤/١٩.■

کچە حۆری سوڕی مانگانەی نییە، هەرچەندە مێردەکەی سێکسی لەگەڵدا بکات، کچێنیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. بۆیە ئیمانداران شایەتمان دەهێنن تا بچنە بەهەشت، تەنانەت ئەگەر ئەمە بگاتە ئەو ئاستەی کە ئیماندارێک لەنێو هاوولاتییە بێتاوانەکاندا خۆیشی بتەقێنێتەوە

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عەباسی و بنیاتنانی ئەو کۆشکانەی پڕکران لەکەنیزەک و مێرمناڵ و مەی، بەتایبەتی لەرۆژگاری خەلیفە هارون ڕەشیددا، سێکس بەشێوەیەکی فراوان بلاوبوەوە، هەندێ لەفەقیهەکان خۆیان بۆ ئەو بابەتە تەرخان کرد، تەنانەت دەڵێن ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل بۆ ماوەی نۆ ساڵ خەریکی نووسینی کتێبێک بوو لەبارەی سوڕی مانگانەی ژن

لەو کۆمەڵەیاندا دیاردەی نێربازیش هەبوو، ئەم دیاردەیە لەدوای هاتنی ئیسلامیش بەدە ساڵ، هەر بەردەوام بوو، باشە لەنێو بارودۆخێکی لەو چەشنەدا چی رووی داو چ شتێک بووە مایەی گۆڕینی کۆمەڵە ئیسلامییەکان بەوشێوەیەی ئەمڕۆ هەن؟

ژیانی موسڵمانان لەوکاتەدا ژیانێکی سادە بوو، بەرۆژ تەنها خەریکی نوێژو بازرگانی بوون (چونکە عەرەب جگە لە بازرگانی، رقیان لەهەموو پیشەیەکی تر دەبووەوە)، بەشەویش هەر خەریکی کاری سێکسی بوون، چونکە ئیسلام مەی و گۆرانی و ئاهەنگەکانی لێ حەرام کردبوون، ئیدی هیچ شتێک نەبوو خۆیانی پێ خەریک بکەن سێکس نەبێت

سەپاندووە کەبەدەنگ داواکاریی سێکسیی مێردەکەیەوە بچێت و هەر کاتێک ئارەزووی لێبوو سێکس بکات، بۆ ئەم مەبەستە فەرمودەیەک دەهێننەوە کە دەڵێت: (أی ما أمرأة دعاها زوجها الی فراشه فامتنعت، باتت ملائکة السماء تلعنها حتی تصبح) پاشان باسی شێوەو جۆری سێکس کردن دەکەن و لەکوێوە بیکەن، فوقەهاکان لەبارەی سێسک کردن لەدواوە، بیروڕای جیاوازیان هەیە. ئیمامی شافیعی دەڵێت: "محمەمەد بن عەلی شافیعی مامم وتی: عەبدوڵڵای کوڕی عەلی کوڕی سائیب لەزمانی عەمرو بن ئوحیحەی کوڕی جلاح و ئەویش لەزمانی خەزیمە کوڕی سابت وتی: پیاوێک پرسیاری لەپێغەمبەر (د.خ) کرد لەبارەی سێکسکردن لەدواوە، ئەویش وتی "حەلاڵە"، کاتێک پیاوەکە ڕۆیشت، بانگی کردو وتی: "کیف قلت، فی اي الخربتین، او في اي الخرزتین، او فی أي الخصفتین، أمن دبرها فی قبلها فنعم. ام من دبرها فی دبرها، فلا، ان الله لایستحیی من الحق، لاتأتوا النساء فی ادبارهن). (واتە ئەگەر لەدواوە بۆ پێشەوە بێت بەڵێ، بەڵام ئەگەر لەدواوە بۆ دواوە بێت نەخێر).

دوای ئەوەی ڕێگەیان لەژنان گرت بچنە دەرەوەو دوای ئەوەی پیاوان و تەنانەت منداڵانیش قەدەغە بوو بچنە لای ژن، ئینجا ئەوەیان لەژن قەدەغە کرد کە لەدرزی دەرگاو دیوارەوە سەیری دەرەوە بکات تا پیاوێکی غەریب نەبینێت. دەڵێن ڕۆژێکیان معاز بن جبل دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینێ ژنەکەی لەدرزی دیوارەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات، ئەویش زۆری لێدا: (المنتظم فی التاریخ، ابن الجوزی، ج٤، ص١١٣).

پاش ئەو هەموو کۆتو پێوەندەی بەسەر ژیانی ژناندا سەپێنرا، بۆیان دەرکەوت ماڵەکان پڕبوون لەو ژنانەی بەدرێژایی ڕۆژ کارێکیان نییە سەرقاڵیان بکات، بیریان بۆ ئەوە چوو کەدەشێت ئافرەتان لەگەڵ یەکتردا سێکس بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییە فسیۆلۆجیەکانیان، ئیدی فوقەهاکان لێکدانەوەیەکی تریان بۆ ئەم ئایەتە کرد: (واللاتی یأتین الفاحشة من نسائکم فاستشهدوا علیهن أربعة منکم فان شهدوا فامسکوهن فی البیوت حتی یتوفاهن الموت او یجعل الله لهن سبیلا) فەقیهەکان وتیان لێرەدا خودا مەبەستی لەسوحاقی بەینی ئافرەتانە (واتە سێسکسکردنی نێوان ئافرەت و ئافرەت) لەکاتێکدا وشەی (الفاحشة) لەسەرجەم ئایەتەکانی تریشدا بەواتای زینا و سێکسکردنی ناشەرعی دێت. دەبینین لەسورەتی الاعراف و ئایەتی ٨٠ دا هاتووە: (ولوطا اذ قال لقومه أتأتون الفاحشة) لەسورەتی النور و ئایەتی ١٩ دا دەڵێ: (ان الذین یحبون ان یشیع الفاحشة فی الذین امنوا لهم عذاب ألیهم فی الدنیا والاخرة)، لەسورەتی النمل و ئایەتی ٥٤ یشدا: (ولوطا اذ قال لقومه أتأتون الفاحشة وانتم تبصرون. انکم تأتون الرجال شهوة دون النساء بل انتم قوم تجهلون)، لەهەموو ئەو ئایەتانەدا وشەی (الفاحشة) یان بەزینا و سێکسی ناشەرعی ڕاڤەکردووە تەنها ئەو ئایەتە نەبێت کەپەیوەندیی بەژنانەوە هەیە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو پێیان وابوو نابێت ژنێک سەیری جەستەی ژنێکی تر بکات چونکە لەوانەیە ئەمە ببێتە مایەی هۆمۆسێکسواڵ (سوحاق). پێغەمبەر (د.خ) وتویەتی: (لاینظر الرجل الی عورة الرجل، ولاتنظر المرأة الی عورة المرأة، ولایفضی الرجل الی الرجل فی الثوب الواحد، ولاتفضي المرأة الی المرأة فی الثوب الواحد) (تحفة الاحوذي، کتاب الاستئذان، باب فی کراهیة مباشر الرجل الرجل والمرأة المرأة). هۆیەکی ترکەفقیهەکان سەیرکردنی جەستەی ژنێک لەلایەن ژنێکی ترەوە قەدەغە دەکەن (بۆ ئەوەی ئەو ژنە لەلای مێردەکەی خۆی وەسفی جەستەی ژنەکەی تر نەکات، چونکە لەوانەیە پیاوەکەیش ئارەزووی بچێتە سەر جەستەی ژنەکەی ترو ئاشوبێک بنێتەوە. لەڕاستیدا ئەو ژنەی وەسفی جەستەی ژنێکی تر بۆ مێردەکەی دەکات، گێلە، چونکە کەم ئەقڵ و کەم ئیمانە، چونکە لەوانەیە مێردەکەی، ئەم تەڵاق بدات و ژنە وەسفکراوەکە بهێنێت.

لەدۆخێکی وادا چی بۆ ئافرەت دەمێنێتەوە ئارەزووە سێکسییەکانی تێر بکات؟ هێشتا دوو فرسەتی لەبەردەمدا بوو:

یەکێکیان ئەوەیە بەدەست یاری بەئەندامی مێینەیی خۆی بکات تا بەتەواوی چێژی لێوەردەگرێت، ئەمەش هەروەکو دەسپەڕی پیاوان، شتێکی قێزەون و بەدە لەئیسلامدا، فوقەهاکان جەختیان لەچەپەڵیی ئەوکارە دەکردو باسی هەندێ زیانیان دەکرد کەتەنها لەزەین و خەیاڵی ئەواندا بوونی هەبوو وەک دەرچونی موو لەناو لەپی دەستدا لەڕۆژی قیامەت یان لەدەستدانی یادەوەری لەم ژیانەدا. فرسەتی دووهەمیش بۆ ژنان بریتییە خەیاڵ و خەون. ئەی ئەگەر ژنێک خەونی بەوەوە بینی سێکس لەگەڵ پیاوێک یان لەگەڵ ژنێکدا بکات؟ فوقەهاکان بەبێزارییەکی زۆرەوە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن. ئەو جۆرە ئافرەتەی دەوترێت خەیاڵێکی سێکسیی لەو چەشنە بکات دەبێت خۆی بشوات چونکە لەشی پیس بووە، ئەگەرچی ژن وەکو پیاو نییە و لەکاتی خەیاڵی سێکسیدا ئاوی پیا نایەت، ئیتر بۆچ خۆی بشوات. پاشان شتێکی تر بەبیری فەقیهەکاندا هات پرسیان ئەی ئەگەر ئەو ژنە یان ئەو پیاوە نێرەمووک بێت؟ لەوەڵامدا وتیان: "ئەگەر پیاوێک دەست لەئەندامە نێرینەکەی نێرەموکێک بدات، یان ئەگەر ژنێک دەست لەئەندامە مێینەکەی بدات، دەست نوێژی دەستلێدەرەکە دەشکێت ئەگەر مەحرەمی یەکتر نەبن. بەڵام ئەگەر پیاو دەست لەئەندامی مێینەی نێرەموکێک بدات و ژنیش دەست لەئەندامی نێرنەیی، دەست نوێژی ناشکێت چونکە دەشێت ئەو ئەندامە زیاد بێت" (مغنی المحتاج للخطیب الشربینی، باب احکام الطهاره) لێرەدا ڕێگەیان بەژن داوە - ئەگەر نێرەموک بێت - دەست لەئەندامی نێرینە بدات چونکە دەست نوێژەکەی ناشکێت چونکە ئەو ئەندامە زیادە، بەڵام ئەگەر دەست لەئەندامی مێینەیی بدات، دەشکێت، چونکە ئەوکارە لەو حاڵەتەدا لەدەسپەڕ دەچێت. پاشان دوورتریش ڕۆیشتن و وتیان: ئەگەر کەسێک دوو ئەندامی نێرینەیی هەبێت ئەوا دەست لەهەر کامێکیان بدات دەست نوێژەکەی دەشکێت. سەیرە، کێ شتی وای بینیوە پیاوێک دوو ئەندامی نێرینەی هەبێت تا حوکمی لەم چەشنە دەر بکەن.

جا لەبەرئەوەی لەتێڕوانینی ئەواندا ژن بۆ پیاو خولقێنراوە تا چێژ لەهەموو جەستەی وەربگرێت، ئەوا لەکاتی سوڕی مانگانەشدا هەر بۆی هەیە لەزەتی لێوەربگرێت تەنها لەپێشەوە نەبێت، چونکە گوایە عائیشە وتویەتی "هەموو شتێک بکەن سێکس نەبێت" (مەبەستی کاتی سوڕی مانگانەیە).

دەبێ ژن منداڵی ببێت و کاری ئەو ئەوەیە منداڵ بخاتەوە، پیاویش نابێت لەکاتی سێکسکردندا تۆوەکە فڕێ بداتە دەرەوەی ئەندامی مێینە. ئەگەر پیاو ئارەزووی لەژنەکەی بێت و ژنەکەیشی لەسوڕی مانگانەدا بێت کەفوقەهاکان سێکسکردنیان لێ قەدەغەکردووە، ئەوا ژنەکە دەتوانێت یاری بەئەندامی نێرینەیی پیاوەکە بکات تا تۆوی لێدەردەهێنێت، بەڵام حەرامە پیاو خۆی تۆوی خۆی دەربهێنێت. (مغنی المحتاج، کتاب الصوم، الباب الاول) چونکە ئەمە دەچێتە خانەی دەسپەڕەوە. پیاو بۆی هەیە لەزەت لەهەموو شوێنێکی جەستەی ژنەکەی ببینێت، ئەم قسەیە - بەپێی فوقەهاکان - دواوەش دەگرێتەوە بەڵام بێئەوەی ئەندامی نێرینەی تێبکرێت (مغنی المحتاج، کتاب النکاح).

فوقەهاکان پێکەوەبوونی ژن و پیاویان قەدەغەکردووە (ئەگەر ژن و مێرد نەبن) و دەڵێن ئەگەر ژن و پیاوێک بەتەنها بوون شەیتان سێهەمیانە. ئەگەر ژنێکی موسڵمانان نەخۆش بکەوێت و پێویستیی بەنوژدار بێت، بەلقینی دەڵێت: دەبێ ژنێکی موسڵمانی لەگەڵدا بێت، ئەگەر ژنێکی موسڵمان لەوێدا نەبوو ئەوا مێر منداڵێکی موسڵمانی ناهەرزەکار، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا مێرمنداڵێکی ناهەرزەکاری کافر، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا ژنێکی کافر، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا مەحرەمێکی موسڵمان، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا مەحرەمێکی کافر، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا بیانییەکی موسڵمان، ئەگەر ئەویش نەبوو زۆر بەناچاری بیانییەکی کافر (مغنی المحتاج، کتاب النکاح) هەموو ئەمانە بۆئەوەیە پزیشکەکە بەتەنها لەگەڵ ژنە موسڵمانەکەدا نەبێت.

لێرەدا گرفتێکی تر لەلای فەقیهەکان هەیە، ئەویش: ئاژەڵێکی وەکو مەیمون بچێتە ماڵێکەوە ژنی تیا بێت، بۆ ئەم حاڵەتەش دەڵێن: "ئەگەر ئاژەڵەکە لەو جۆرە نەبێت کەحەز لەئافرەت بکات یان ئافرەت حەزی لێبکات، دەڵێن ئەگەر مەیمون بەتەنها لەگەڵ ژنێکدا بێت یان ئەگەر ژنەکە بەنووستوویی ببینێت ئەوا سێکسی لەگەڵدا دەکات، دەشێت هەندێ ئافرەتی زۆر شەهوانیش مەیموونەکە بۆ لای خۆی بانگ بکات. (احکام النساء لابن اجلوزی، المکتبة العصریة، صیدا، بیروت، ص ١٢٧).

فەقیهەکان بەئەندازەیەکی زۆر لایەنگری پیاو بوون و ئاسانکارییان بۆ کردووە، دەڵێن پیاو بۆی هەیە

بابەتە تەرخان کرد، تەنانەت دەڵێن ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل بۆ ماوەی نۆ ساڵ خەریکی نووسینی کتێبێک بوو لەبارەی سوڕی مانگانەی ژن